# فیقهی ئاسان : پەرتووکی حەج: دەروازەی یەکەم : پێشەکیەکانی حەج

## الفقه الميسر: كتاب الحج: الباب الاول : في مقدمات الحج

< kurdish - كردي - کوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# دەروازەی یەکەم : پێشەکیەکانی حەج، چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی شەش بابەتی سەرەکی دەکەین، پێناسەی حەج و حوکمەکەی، وە ئایا حەج لە تەمەندا زیاتر لەجارێك فەرزە؟ وە مەرجەکانی حەج چین؟ حوکمی عومرە وبەڵگەکانی، کۆتا بابەتیش باسی میقاتە - کاتی ومەکانیەکانی - حەج وعومرە دەکەین، بەیارمەتی خوای گەورە : -

**بابەتی یەکەم : پێناسەی حەج :**

پێناسەکەی لە زمانەوانیدا : بە مانای قەصد ومەبەست دێت .

لە شەرعیشدا : بە واتای خواپەرستی کردن بۆ خوای گەورە دێت بە ئەنجامدانی چەند مەناسکێك لە جێگا ولە کاتێکی تایبەت، بەو شێوەیەی کە لە قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دا هاتووە .

**بابەتی دووەم : حوکمی حەج وفەزڵەکەی :**

1-**حوکمی حەج** : حەج یەکێکە لە ئەرکان وبنەما وفەرزە گەورەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەویش بە بەلگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ [ آل عمران: ٩٧ ] .

واتا : خوای گەورەش بڕیاریداوە لەسەر خەڵکی حەج و سەردانی (بيت الحرام) بکەن بە تەنها ئەوانەی کە توانای (دارایی و تەندروستیان) هەیە، جا ئەوەی کە باوەڕی نەهێناوە، ئەوە با بزانێت بەڕاستی خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکان (پێویستی بە چاکە و پەرستنی کەس نیە).

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَأَتِمُّواْ ٱلۡحَجَّ وَٱلۡعُمۡرَةَ لِلَّهِۚ ﴾ [ البقرة: ١٩٦ ] .

واتا : هەربۆ خواو لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە حەج وعومرە بەچاکی وبەتەواوی ئەنجام بدەن .

هەروەها عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {بني الاسلام على خمس ... وذكر منها حج البيت من استطاع إليه سبيلا } .

واتا : ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر پێنج بنەما دامەزراوە، یەکێك لەوانە حەجکردنی ماڵی خوا لەسەر ئەوانەی کە توانایان هەیە .

هەروەها ئومەتی ئیسلام کۆدەنگن لەسەر ئەوەی حەجکردنی ماڵی خوا واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی بەتوانا وە لە تەمەنیشدا یەکجار .

2-فەزڵی حەج : لەبارەی فەزڵی حەجەوە کۆمەڵێك فەرموودەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هاتوون، لەوانەش : -

ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما، والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة } [1] .

واتا : عومرەیەك بۆ عومرەیەکی تر دەبێتە کەفارەتی ئەو گوناهانەی نێوانیان، وە حەجێکی مەبروری پاکوخاوێن هیچ پاداشتێکی بۆ دیاری نەکراوە بەهەشت نەبێت .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: {من حج فلم يرفث ولم يفسق، رجع كيوم ولدته أمه } [2] .

واتا : هەرکەسێك حەج بکات، وە هیچ ووتە وگوفتار وکردارێکی نابەجێ ئەنجام نەدات، ئەوە بێگوناهـ دەبێتەوە وەك ئەو ڕۆژەی کە لەدایك بووە .

زۆرێکی تریش لە فەرموودە لەم بارەیەوە هاتوون، هێندە بەسە بۆ باسکردن لەم جێگایەدا .

**بابەتی سێهەم : ئایا حەج لە تەمەندا زیاتر لەیەکجار واجبە ؟**

حەج لە تەمەندا زیاتر لەیەکجار واجب نیە، بۆیە زیاتر لەیەکجار سوننەتە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أيها الناس قد فرض الله عليكم الحج فحجوا، فقال رجل : أكل عام يارسول الله ؟ فقال : لو قلت نعم لوجبت، ولما استطعتم } [3].

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1349) ڕیوایەتی کردووە .
(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1521) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1350) ڕیوایەتیان کردووە .
(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1337) ڕیوایەتی کردووە .

واتا : ئەی خەڵکینە خوای گەورە حەجی لەسەر فەرز کردوون کەواتە ئێوەش حەج بکەن، پیاوێك ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا هەموو ساڵێك فەرزە ؟ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە وەڵامدا فەرمووی : ئەگەر بڵێم بەڵێ، ئەوا هەموو ساڵێك لەسەرتان فەرز دەبێت، ئێوەش نەتاندەتوانی .

وە لەبەر ئەوەش کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پاش ئەوەی کۆچی کرد بۆ مەدینە تەنها یەك حەجی ئەنجامداوە، وە زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە حەجی ماڵی خوا لەسەر ئەو کەسەی کە تواناى هەیە تەنها جارێك لە تەمەندا واجبە .

بۆیە ئەو کەسەی کە تواناى هەیە پاش ئەوەی کە تەواوی مەرجەکانی تری تێدا هاتەدی واجبە لەسەری کە دەست پێشخەری وپەلە بکات لە ئەنجامدانی، وە تاوانبارە ئەگەر هاتوو بەبێ بوونی عوزرێك دوایبخات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { تعجلوا إلى الحج، فإن أحدكم لا يدري ما يعرض له} [1] .

واتا : پەلە بکەن لە ئەنجامدانی حەج، چونکە کەس لە ئێوە نازانیت تووشی چی شتێك دەبێت .

وە فەرموودەیەکی تریش بەچەند رێگایەك ریوایەتکراوە، کە هەندێکیان هەندێکی تریان بەهێز دەکات، ئەویش ئەوەیە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {من استطاع الحج ولم يحج، فليمت إن شاء يهوديا، وإن شاء نصرانيا } [2] .

واتا : هەرکەسێك بتوانێت حەج بکات و نەیکات، ئەوە با بە جولەکەی بمرێت، وە با بە گاوری بمرێت.

**بابەتی چوارەم : مەرجەکانی حەج :**

بۆ ئەوەی حەج واجب بێت پێنج مەرج پێویستن، ئەوانیش :

1-ئیسلام، بۆیە حەج لەسەر کەسی بێباوەڕ واجب نیە ودروست نیە حەج بکات، چونکە ئیسلام و هاتنە ناوەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام مەرجی ڕاستی ودروست بوونی حەجە .

2-عەقڵ وژیری : بۆیە حەج لەسەر کەسی شێت لەو کاتەی کە شێتە واجب نیە وڕاست ودروست نیە، چونکە عەقڵ وژیری مەرجی تەکلیفە، دیارە شێتیش ئەهلی تەکلیف نیە، و پێنوسی چاکە وتاوانی

(1) أحمد ریوایەتی کردووە (341/1)، شێخ ئەلبانی بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە : الاروا‌ء ژمارە (990)،
(2) تەماشای نيل الاوطار بکە (337/4) .

لەسەر هەڵگیراوە تا ئەو کاتەی باش دەبێتەوە، وەك لەو فەرموودەیەدا هاتووە عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " رفع القلم عن ثلاثة : عن النائم حتى يستيقظ ، وعن الصبي حتى يبلغ، وعن المجنون حتى يفيق " [1] .

واتا : پێنووسی نووسینی تاوان لەسەر سێ کەسان هەڵگیراوە : لەسەر نوستوو تا ئەو کاتەی خەبەری دەبێتەوە، لەسەر منداڵ تا ئەو کاتەی کە باڵغ دەبێت، وە لەسەر شێت تا ئەو کاتەی کە چاك دەبێتەوە .

3-باڵغ بوون : حەج لەسەر منداڵ فەرز نیە، چونکە منداڵ ئەهلی تەکلیف وداواکاری شەرع نیە، ولەسەری هەڵگیراوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێشتر باسمان کرد، { رفع القلم عن ثلاثه } بەڵام ئەگەر هاتوو منداڵ حەجی کرد ئەوا حەجەکەی صەحیح ودروستە، وە دەبێت وەلی ئەمرەکەی نیەتی بۆ بهێنێت ئەگەر هاتوو منداڵێکی مومەیز نەبێت، بەڵام بەبێ بوونی جیاوازی لە نێوان زانایاندا ئەو حەجەی جێگای حەجی ئیسلامی بۆ ناگرێتەوە، ئەویش بە لگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) گێڕاویانەتەوە ودەڵێت : " أن امرأة رفعت صبيا فقالت : يارسول الله ألهذا حج ؟ قال : نعم ولك أجر " [2] .

واتا : ئافرەتێك منداڵێکی بەرز کردەوە و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا ئەم منداڵە بۆی هەیە حەج بکات ؟ پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) لەوەڵامدا فەرمووی : بەڵێ بۆی هەیە حەج بکات، وە تۆیش پاداشتت بۆ هەیە .

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " أيما صبي حج ثم بلغ، فعليه حجة أخرى، وأيما عبد حج ثم عتق، فعليه حجه أخرى " [3] .

واتا : هەر منداڵێك حەجی کرد وپاشان کە باڵغ بوو، دەبیت حەجێکی تر بکات، وە هەر کۆیلەیەك حەجی کرد، وە پاشان ئازاد کرا، ئەوە دەبێت حەجێکی تریش بکات .

(1) أبو داود بە ژمارە (4401) ، وە ابن ماجه بە فەرموودەی ژمارە (2041) ڕیوایەتی کردووە .
(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1336) ڕیوایەتی کردووە .
(3) ئیمامی شافعی لە مەسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، بە ژمارە (743)، وە بەیهەقیش ڕیوایەتی کردووە (179/5)، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : الارواء بەژمارە (986) .

4-ئازادی : حەج لەسەر کۆیلە واجب نیە، چونکە کۆیلە خۆی مولْکی کەسی ترە وخاوەنی هیچ شتێك نیە، بەڵام ئەگەر هاتوو بە مۆڵەتی گەورە وسەیدەکەی حەجی کرد، ئەوا حەجەکەی ڕاست ودروستە، وە زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی ئەگەر هاتوو کۆیلە لەکاتی کۆیلایەتیەکەیدا حەجی کرد، وە پاشان ئازادکرا، ئەوە دەبێت حەجی ئیسلام بکاتەوە ئەگەر توانای هەبوو، وە ئەو حەجەی کە لەکاتی کۆیلایەتیدا کردویەتی بۆی هەژمار ناکرێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدابوو، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " وأيما عبد حج ثم عتق، فعليه حجه أخرى " (1) .

واتا : هەر کۆیلەیەك حەجی کرد، وە پاشان ئازاد کرا، ئەوە دەبێت حەجێکی تریش بکات .

5-توانا: خوای گەورە لەم بارەیەوە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : : ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ [ آل عمران: ٩٧ ] .

واتا : خوای گەورەش بڕیاریداوە لەسەر خەڵکی حەج و سەردانی (بيت الحرام) بکەن بە تەنها ئەوانەی کە توانای (دارایی و تەندروستیان) هەیە، جا ئەوەی کە باوەڕی نەهێناوە، ئەوە با بزانێت بەڕاستی خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکان (پێویستی بە چاکە و پەرستنی کەس نیە).

بۆیە ئەو کەسەی توانای دارایی نەبێت، بەوەی توێشووی خواردن وخواردنەوەی هاتن وچوونی خۆی و ئەو کەسانەشی کە نەفەقە وبژێویان لەسەر ئەوە نەیبوو، یان هۆکاری هاتن وچوونی نەبوو، کە کاتی خۆی بە وڵاخ ووشتر بووە، وە لەم سەردەمەشدا بە ئۆتۆمبیل و فڕۆکەیە نەیبوو بیگەیەنێتە مەککە وبیشیهێنێتەوە، یان توانای جەستەی نەبوو، بەوەی کە پیروپەککەوتە یان نەخۆش بێت و توانای نارەحەتیەکانی سەفەری نەبێت، یان ڕێگای چوون بۆ حەج مەترسیدار بوو لەڕووی نەبوونی ئەمن وئاساییشەوە یان بەهۆی نەخۆشیەوە، ئان بەهۆی هەر هۆکارێکی ترەوە بێت کە حاجی لەخۆی و ماڵ وسامانی بترسێت، ئەوا لەم کاتەدا حەج واجب نابێت تا ئەو کاتەی کە توانای دەبێت، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ ﴾ [ البقرة: ٢٨٦ ] .

واتا : خوای گەورە بەدەر لەتوانا- تەکلیف و ئەرکێ ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێك .

توانا و ( استطاعة ) مانای ئەو ووشەیە دەگەیەنێت کە خوای گەورە بە ووشەی ( وسع ) دەری بڕیووە .

(1) ئیمامی شافعی لە مەسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، بە ژمارە (743)، وە بەیهەقیش ڕیوایەتی کردووە (179/5)، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : الارواء بەژمارە (986) .

سەبارەت بە حەجی ئافرەتیش یەکێك لە واتا وماناکانی ( استطاعة ) بوونی مەحرەمە کە هاورێیەتی ئەو ئافرەتە بکات لە گەشتی چوون بۆ حەجەکەیدا، چونکە ئافرەت دروست نیە بۆی گەشت وسەفەری حەج وغەیری حەجیش بکات بەبێ بوونی مەحرەمێك، ئەمەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الاخر أن تسافر سفرا يكون ثلاثة أيام فصاعدا إلا ومعها أبوها أو ابنها أو زوجها أو أخوها أو ذو محرم منها } [1] .

واتا : حەڵاڵ ودروست نیە بۆ ئافرەتێك کە باوەڕی بەخوا وبەڕۆژی دوایی هەبێت سەفەری سێ ڕۆژ و بەبەرەو ژوور بکات بەبێ ئەوەی باوکی یان کوڕەکەی یان پیاوەکەی یان براکەی یان هەر مەحرەمێکی تری لەگەڵ بێت .

وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك ئەو پیاوە پێی ووت : ژنەکەم بە مەبەستی حەج کردن دەرچووە، وە منیش ناوم نوسیوە کە بچم بۆ فلاَن غەزوە، پێی فەرموو : بڕۆ لەگەڵ ژنەکەتدا حەج بکە [2] .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئافرەت بەبێ مەحرەم حەجی کرد، حەجەکەی ڕاست ودروستە، بەڵام گوناهبار دەبێت .

**بابەتی پێنجەم : حوکمی عومرە و بەڵگەکانی :**

عومرە کردن لەسەر کەسێك کە توانا ودەسەڵاتی هەبێت لە تەمەندا یەکجار واجبە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی : : ﴿ وَأَتِمُّواْ ٱلۡحَجَّ وَٱلۡعُمۡرَةَ لِلَّهِۚ ﴾ [ البقرة: ١٩٦ ] .

واتا : هەربۆ خواو لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە حەج وعومرە بەچاکی وبەتەواوی ئەنجام بدەن .

وە هەروەها بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کاتێك عائیشەی دایکی باوەڕداران لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پرسی : { هل على النساء جهاد ؟ قال : نعم عليهن جهاد لا قتال فيه : الحج والعمرة } [3] .

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1340) ڕیوایەتی کردووە .
(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1862)، وە موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1341) ڕیوایەتیان کردووە .
(3) أحمد ڕیوایەتی کردووە، (165/6)، وە ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (2901) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، بڕوانە صحيح سنن ابن ماجە بە ژمارە (2362) .

واتا : ئایا ژنان جیهادیان لەسەر واجبە ؟ فەرمووی : بەڵێ جیهادێکیان لەسەر واجبە کە جەنگ وکوشتاری تێدا نیە، حەج وعومرە .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك ئەبی ڕەزین پرسیاری لێکرد لەبارەی باوکیەوە کە توانای حەج وعومرە کردن وسەفەر کردنی نیە بۆیان، پێی فەرموو : { حج عن أبيك واعتمر}(1) .

واتا : لەبری باوکت حەج وعومرە بکە .

ئەرکانەکانی عومرە کردنیش سیانن : ئیحرام، وتەواف، وهاتوچۆی نێوان صەفا ومەروە .

**بابەتی شەشەم : میقاتەکانی حەج وعومرە :**

میقات لە زمانەوانیدا بەمانای سنور دێت، وە لەشەرعیشدا، بەواتای شوێن یان کاتی عیبادەت کردن دێت، بۆیە میقاتەکانیش دەبن بەدوو بەشەوە، میقاتی زەمانی و میقاتی مەکانی .

عومرە کردن لە تەواوی ڕۆژەکانی ساڵ دروستە ئەنجام بدرێت .

بەڵام حەج کردن دەبێت لە چەند مانگێکی دیاریکراودا بکرێت، کە ئەوانیش مانگەکانی ( شوال و ذو القعدة و ذو الحجة ) یە، بۆیە هیچ یەکێك لە کارەکانی حەج دروست نیە لە غەیری ئەو مانگانەدا ئەنجام بدرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ ﴾ [ البقرة : ١٩٧ ] .

واتا : حەج کردن لە چەند مانگێکی دیاریکراودا دەبێت، کە مانگی (شەووال و ذولقەعدەو ذولحیججە) یە، واتە: لە هەر ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی مانگی یەکەم و دووەم و تا ڕۆژی نۆیەمی مانگی ذولحیججە_کە ڕۆژی عەرەفەی جەژنی قوربانە_ درووستە ئیحرام ببەسترێت بۆ حەج کردن..

سەبارەت بە میقاتە مەکانیەکانیش، کە مەبەست لێی ئەو جێگایانەیە کە ئیحرامیان لێ دەبەسترێت، و دروست نیە ئەو کەسەی کە مەبەستی حەج یان عومرە یان هەردووکیان ڕوو لە مەککە دەکات لەو جێگایانە بەبێ نیەتی ئیحرام تێپەڕ ببێت، عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) فەرموودەیەکی ڕیوایەتکردووە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە جوانی ئەو

(1) ئەبو داود بە ژمارە (1810) ڕیوایەتی کردووە، وە نەسائیش ڕیوایەتی کردووە (111/5)، وە ابن ماجه بە فەرموودەی ژمارە (2904، 2905) ڕیوایەتی کردووە، وە أحمدیش ڕیوایەتی کردووە (244/1)، وە شێخ ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح النسائي ژمارە (2473) .

جێگایانەی ڕوون کردونەتەوە، کە حاجی وموعتەمیر نیەتی ئیحرامیان لێدەهێنن ودەڵێت : " وقت رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) لاهل المدينة ذا الحليفة، ولاهل الشام الجحفة، ولاهل نجد قرن المنازل، ولاهل اليمن يلملم، هن لهن، ولمن عليهن من غير أهلهن ممن أراد الحج والعمرة، ومن كان دون ذلك فمن حيث أنشأ، حتى أهل مكة من مكة " [1] .

واتا : پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) ذو الحليفەی دیاری کرد بۆ خەڵکی مەدینە کە نیەتی ئیحرامی لێ بهێنن، وە جوحەفەیشی دەست نشانکرد بۆ خەڵکی شام، وە قەرنولمەنازلی دیاریکرد بۆ خەڵکی نەجد، وە یەلەملەمیشی دیاریکرد بۆ خەڵکی یەمەن، وە ئەم جێگایانە شوێنی نیەتی ئیحرام بەستنیشن بۆ هەرکەسێکی تریش کە لەوێوە تێپەڕ بنن بە مەبەستی حەج وعومرە کردن، وە هەر شوێنێکیش لەو جێگایانە خوارتر و نزیکتر بێت، ئەوا هەر لەجێگا وشوێنی خۆیەوە نیەتی ئیحرام دەهێنێت، تەنانەت خەڵکی مەککەش هەر لە مەککەوە نیەتی ئیحرام دەهێنن .

جا بۆیە هەر کەسێك مەبەستی حەج و وعومرەی هەبێت و لەو جێگایانە تێپەڕی کرد، پێویستە ئەگەر گونجا بگەڕێتەوە بۆیان، خۆ ئەگەر نەکرا یان نەیتوانی بگەڕێتەوە، ئەوا دەبێت فدیەیەك بدات، کە بریتیە لە سەربڕینی شەکێك و دابەشکردنی بەسەر هەژارانی حەرەمی مەککەدا .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی خانوو و جێگا و مەنزڵی لەخوار ئەو جێگایانە بوو کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەست نیشانی کردبوون، ئەوا هەر لە جێگا ومەنزڵی خۆیانە نیەتی ئیحرام دەهێنن، ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەکەی پێشووتر کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بووی : { ومن كان دون ذلك فمن حيث أنشأ } واتا : هەر شوێنێك لەو جێگایانە خوارتر و نزیکتر بێت، ئەوا هەر لەجێگا وشوێنی خۆیەوە نیەتی ئیحرام دەهێنێت .

لەکۆتایەوە لەخوای گەورە داواکارم حەجی ماڵە پیرۆزەکەی خۆی بکات بە نسیبی هەموو خوشك وبرایەکی باوەڕدارم، ئامین یارب العالمين ..

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما .

---

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1524)، وە موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1181) ڕیوایەتیان کردووە، لە لەفزێکی تردا هاتووە : ومهل أهل العراق ذات عرق، واتا : خەڵکی عێراقیش لە ذات عرق نیەتی ئیحرام دەهێنن .